زانكۆی سەلاحەدين/هەولێر
Salahaddin University

# كاريگەری مۆليدە ئەهلييەكان لەسەر ژينگەی شاری هەولێر

پێشكەش بە بەشی زانستە كومەڵايەتييەكان كراوە، وەكو بەشێك لە پێداويستيەكانی بەدەست هێنانی بڕوانامەی بەكالۆريۆس لە زانستی كومەڵايەتی

ئامادەكراوە لەلايەن:

محمد نامق عثمان-أمين نامق مولود

بەسەرپەرشتی/

م. سەنگەر احمد

٢٠٢٣-٢٠٢٤

# پێرستی ناوەڕۆك


| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| ١ | پێشەكی |
| ٣-٨ | بەشی یەكەم//ناساندنی ناوچەی لێكۆلینەوە و تایبە تمەندیە سروشتی یەكانی |
| ٣ | ١- شوێنی جوگرافی |
| ٥ | ٢- ڕووبەر و دانیشتوانی |
| ٧ | ٣- ئاووهەوا و ڕەگەزەكانی |
| ٩-٢٦ | بەشی دووەم :مۆلیدە ئەهلیەكان لە شاری هەولێرو كاریگەریان لەسەر ژینگە |
| ٩ | تەوەری یەكەم/ ژمارە و دابەشبوونی مۆلیدە ئەهلیەكان دەرهەویشتەكانی |
| ١٤ | تەوەری دووەم/كاریگەری پاشماوەی مۆلیدەكان لەسەر ژینگەی شاری هەولێر |
| ٢٧ | دەرئە نجام |
| ٢٧ | ڕاسپاردە |
| ٢٨ | لیستی سەرچاوەكان |


# پێرستی خشتە


| لاپەڕە | بابەت | ژ |
|---|---|---|
| ٦ | ژمارەی دانیشتوان وڕووبەر وژمارەی گەرەكەكانی شاری هەولێر بەپێی شارەوانیەكان لە سالی (٢٠١٠) و (٢٠١٨) | ١ |
| ٧ | تێكرای پلەی گەرماو بری باران بارین لە وێستگەی شاری هەولێر لە ماوەی سالانی 2017 | ٢ |
| ٨ | ئاراستەو خێرایی با لەهەندێ وێسگەكانی ناوچەی لێكۆڵینەوە لەماوەی سالی(٢٠١٧). | ٣ |
| ١٠ | تێكڕای ئاستی ژاوەژاوی مۆلیدەكان | ٤ |
| ١١ | دوورترین مەودای دیاری كراو بۆ كاریگەری گازە پیسكەرەكانی مۆلیدەكان | ٥ |
| ١٣ | تێكڕای پیسكەرەكان بە پێی كاتە جیاوازەكان | ٦ |

# پێرستی نەخشە


| ژ | بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- | --- |
| ١ | شوێنی جوگرافی شاری هەولێر بەگوێرەی هەرێمی کوردستان و عیراق | ٤ |
| ٢ | گەرەکەکانی شاری هەولێر بەپێی شاراوانییەکان | ٥ |

## پێشەکی:

مۆلیدە ئەهلیەکان لە شاری هەولێر دا ڕۆڵێکی گرنگ دەبینن لە پڕکردنەوەی پێداویستی کارەبا بۆ دانیشتوان شان بە شانی کارەبای نیشتمانی وە بێگومان کارکردنی ئەم مۆلیدانە دەرئەنجامی سلبی هەیە بۆ سەر مرۆڤ و ژینگە بۆیە بوونی توێژینەوەیەک دەربارەی کاریگەری مۆلیدە ئەهلیەکان لەسەر ژینگەی شاری هەولێر  کارێکی خوازراوە بەمەبەستی دانانی ڕێگە چارەکان بۆکەم کردنەوەو چارەسەرکردنی ئەو کێشە ژینگەییانەی کەلەئەنجامی کارکردنی مۆلیدە ئەهلییەکانەوە دێنە کایەوە ئەمەش بە مەبەستی هۆشیار بوونی تاک و لایەنی پەیوەندیدار بە زیانە تەندروستی و ژینگەییەکانی مۆلیدە ئەهلیەکان و چارەسەر کردنیان  بۆیە لەم توێژینەوەیەدا  چەند بابەتێک ڕوون کراوەتەوە لەوانە بەناساندنی شاری هەولێر  و خاسێتە جوگرافییەکانی وە پاشان  بەدیاریکردنی شوێنی جوگرافیای مۆلیدە مۆلیدەکان، جۆری مۆلیدەکان و توانای مۆلیدەکان وەماوەی کارکردنیان هەروەها بڕی دەرهاویشتەکان لەکاتی کارکردنی مۆلیدەکان لەسەر مرۆڤ و ژینگە پاشان لە ڕێگەی ئەم توێژینەوەوە  چەند پێشنیار بەمەبەستی کەم کردنەوەو چارەسەرکردنی کاریگەرییەکانی مۆلیدە ئەهلیەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە کراوە.

**کێشەی لێکۆڵینەوە :**

وەکو ئاشکرایە  خزمەتگوزاری کارەبا لەناوچەی لێکۆلینەوە کەلێنێکی زۆری تێدایە وەکو هەر ناوچەیەکی دیکەی هەرێمەکە بۆیە مۆلیدە ئەهلیەکان ڕۆڵێکی گەورە دەبینن لە پڕکردنەوەی ئەو کەلێنە بۆیە ئەم پاڵنەرە هۆکار بوو بۆ ئەوەی توێژەران لە سەر ئەم بنەمایانە کێشەکانی توێژینەوە دیاری بکەن لەم خالانەدا:

١- خزمەتگوزاری مۆلیدە ئەهلیەکان بە شێوەیەکی نا هاوسەنگ دابەش بووە بەسەر شاری هەولێر دا بە بێ ڕەچاوکردنی دابەش بونی دانیشتوان و ژینگەو دیاردە جوگرافیەکانی ناوچەکە

.٢- زیاد بونی دانیشتوان لە دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعسەوە  هۆکارێکی سەرەکیە بۆ زیاد بونی خواستی بە کاربردنی کارەبا کە ئەمەش وای کردوە کارەبای نیشتمانی نەتوانێت ئەو خواستە

زۆرە پڕبکاتەوە ئەمەش بوەتە هۆی زیاد بوونی ژمارەی کاتژمێرەکانی کارکردنی مۆلیدە ئەهلیەکان بە هەمان شێوە زیاد بوونی ڕێژەی پیسکەرەکان لە هەوادا.

ئامانجی لێکۆڵینەوە :

لێکۆڵینەوەیەک سەبارەت بە کاریگەری مۆلیدە ئەهلیەکان لەسەر ژینگەی سروشتی و مرۆیی شاری هەولێر  بە مەبەستی دەست نیشان کردنی کێشەو کاریگەرییەکانی لە پێناو دۆینەوەی چارەسەری زانستیانە گونجاو سەبارەت بەو بابەتە .

**گرفتی لكۆڵینەوە :**

١- نەبوونی سەرچاوەی پێویست سەبارەت بە بابەتی لێکۆڵینەوە لە کتێبخانە و دەزگافەرمیەکانی ناوچەکە .

٢- نەبوونی ئامێر و ئامرازی پێویست بۆ هەژمارکردنی ڕێژەی دەرهاویشتەکان و ژاوەژاوەکان.

٣-نا هاوسەنگی لە پێدانی زانیارییەکان لە لایەن خاوەن مۆلیدەکانەوە .

**گریمانەی لێکۆڵینەوە :**

گریمانەی انستی چارەسەرێکی کاتییە کە توێژەر لە سەر بڕیارو شارەایە بابەتەکەیدا دیاری دەکات بۆ چارەسەر کردنی کێشەی توێژینەوە هەر بۆیە گریمانە لەسەر دوو ئەگەر وەستاوە :

١- ئایا هیچ هاوسەنگیەک هەیە لە نێوان ژمارەی دانیشتوان و بڕی پێداویستییەکانیان لە کارەبا و ژمارەی مۆلیدە ئەهلیەکان ؟

٢- ئایا ژینگەی نێو مۆلیدەکان و ناوەوەی مۆلیدەکان ژینگەیەکی تەندروستی بۆ پێک هێنراوە یان تا چەند هەوڵدراوە بۆ کەم کردنەوەی کاریگەرییەکانی ؟

٣- ئایا ڕێژەی  کاریگەرییەکانی مۆلیدە ئەهلیەکان تا چەندە لە شاری هەولێر دا ؟